

# کاریگەرییە نەرێنییەکانی ناتەبایی باوان لەسەر منداڵ

زۆرجار ناتەبایی دەکەوێتە نێوان هاوسەران و کێشەکانیشیان ناگات بە بنەبەست، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا منداڵ قوربانیی سەرەکییە و داهاتووی رووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە. دەروونناس و پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناکۆکی و توندوتیژی لە نێوان هاوسەراندا، منداڵەکانیان رووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەکاتەوە کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر باری دەروونی و کەسایەتییان دەبێت، بۆیە بە پێویستی دەزانن هاوسەران پێش بە دایک و باوک بوونیان گەرەنتییەک بۆ داهاتووی منداڵەکەیان مسۆگەر بکەن، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لە دیدی جیاوازەوە گوزارشت لەم پرسە دەکەن.



**پسپۆڕەکان داوا لە دایک و باوکان دەکەن کە لە بابەتە جۆر بەجۆرەکاندا رای منداڵەکانیان وەرگرن و راوێژیان پێبکەن، چونکە ئەوە کاریگەری لەسەر منداڵ دەبێت وادەکات متمانەی بە خۆی زیاتر بێت و هەست بکات کە کەسێکە سەنگی خۆی هەیە و گرنگی پێدەدرێت**

**ئەو منداڵەی بەردەوام خۆشی و کەیف ببینێت لەماڵەوە و لێبووردەیی ببینێت، ئەویش منداڵێکی دی فێر دەکات، نەرمونیان بێت، واتە منداڵ وەک ئاوێنە وایە، چی ببینێت، ئەوە پیشان دەداتەوە**

**پێویستە هەوڵبدرێت کە وا لە منداڵەکە بکرێ، بتوانێت بەسەر شتەکانی دەوروبەریدا زاڵ بێت، بۆ ئەوەی دووور بێت لە خۆپەرستی و دوورەپەرێزی**

جوان سەلمان مامۆستای زانکۆی سلێمانییە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، سەرەتا هێما بۆ وتەیەکی (ئێدلیسۆن ١٩٩٩) دەکات کە دەڵێت: لەمێژە ئەوە سەلمێندراوە کە منداڵ یەکەم شاهیدحاڵی کێشەو شەڕی «باوانە»، هاوکات رەخنە لەوە دەگرێت کە سەبارەت بەم شایەدحاڵە بێتاوانە کەمجار لە میدیاکان، یان گۆڤارەکان باسی ئاریشەکانیان کراوەو زۆربەی جار ئەگەر دەزگایەکیش هەوڵی یارمەتی دابێت، زیاتر یارمەتییەکە بەلای باواندا شکاوەتەوە، تا منداڵەکەی، گومانیشی تێدا نییە کە لە ماوەیەکی کورت، یان درێژدا دەرئەنجامی ئەو کێشانەی دایك و باوك لە رەوشت، یان سایکۆلۆژیی منداڵەکەدا رەنگدانەوەی دەبێت.

جوان سەلمان لەم بابەتەدا زیاتر تیشك دەخاتەسەر کێشەی فیزیکی، واتە لێدانی دایك لەلایەن باوکی منداڵەکە کە ئەوە بە مەترسییەکی گەورەی بۆ باری دەروونی منداڵەکە هەژمار دەکات و دەڵێت: «تویێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ٨٠٪ی منداڵان تەنانەت ئەگەر لە نێو جێگەی نووستن و لە خەودا بن، یان ئەگەر یارییش بکەن، ئاگاداری ئەو شەڕانەی دایك و باوکیانن. شەڕی فیزیکییش پێکهاتوە لە شەپازلە، پاڵپێوەنان، شەق تێهەڵدان، هەڵدانی شتومەك، یان لە کاتی زۆر ترسناکدا چەك بەکارهێنان. کە زۆرجار لە دەرئەنجامی ئەو جۆرە شەڕە کەسێك دەکوژرێت. لە هەمووی ئەو کێشانەشدا رۆڵی منداڵ قوربانیبوونە، لەکاتی جیابوونەوەشدا زۆربەی جار لە نێوان دوو ئەگەردان و نازانن کامیان هەڵبژێرن.»

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا دووپاتی کردەوە کە دەرئەنجامی ئەو کارەساتانە «سەدمە و کێشەی پێوندی لەلای منداڵان دروست دەکات، کە لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دی و لە کێشەیەکەوە بۆ کێشەیەکی دیکە دەگۆڕدرێت. ئەوەشی بە دوو خاڵ دەستنیشان کرد:

یەکەم سۆشیال: واتە ئەو رەوشت و رەفتارە شەڕەنگێزییانەی باوان دەینوێنن، لەلای منداڵەکان دەبێت بە شتێکی سروشتی و بەبەردەوامی ئەو رەوشتانە لەلایەن منداڵەوە لاسایی دەکرێتەوە، تاوەکو دەبێت بە شتێکی خوویی. لەم کاتەدا منداڵ وا هەست دەکات کە ئەنجامدانی ئەو رەوشتە دەبێت وا بێت، بۆ نموونە: کە تووڕە بوویت، دەبێت لە کەسێك بدەیت، یان جنێوی پێبدەیت. یاخود لە کۆمەڵگای ئێمە کە نەریتەکە پیاوسالارییە، پیاو لە بواری فیزیکی خۆی دەنوێنێت، تا ئەم پەیامە بە ژن بگەیەنێت کە پیاو بەهێزترە، بۆیە دەبێت زاڵ بێت بە سەر ژندا.

دووەم شلەژاندنی پێوەندی: بەهۆی دووبارەبوونەوەی ئەم رەوشت و رەفتارانەوە، پێوەندی منداڵ و باوانی تووشی شڵەژان دەبێت، واتە ترس، ئاسایش، خۆشەویستی و رق، ئەمانە تێکەڵییەك لە زەینی منداڵەکە دروست دەکەن کە دەبێتە هۆی شلەژاندنی باری دەرونیی منداڵەکە، کە رۆڵی ئاسایشی باوان دەگۆڕدرێت بۆ ترس، کەواتە لێرەدا دایك و باوك ئەو کەسە نین کە پەنایان بۆ بەرن لە کاتی کێشەدا، چونکە هەست بە ئاسایش ناکەن.

سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی کێشەی باوانیش لەسەر منداڵ گوتی: «لە قوتابخانە، یان لە دەرەوەی ماڵدا بەبەردەوامی رەوشتی شەڕەنگێزی لە منداڵەکە دەردەکەوێت، تووڕەبوون و لەدەستدانی کۆنترۆڵی بە بەردەوامی دەبیندرێت. لە ماڵەوەش منداڵێکی خەمبار، بە بەردەوامی ترساو دەبێت، خەوی کەم، فۆبیا، خۆتەڕکردن، کەمی تەرکیز، کەمی هەست بەخۆ و بێ متمانەیی بە خۆی تووشی دەبێت. بۆیە بە گرنگی دەزانم کە تویێژینەوە لەسەر ناکۆیی و شەڕی باوان لەسەر منداڵ ببێت بە دەستپێکێك بۆ دامەزراندنی چەندەها دەزگا کە ببنە رێگەپێشاندەرێك بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە لە کۆمەڵگەکەمانداو بە هۆیە کۆمەڵگەیەکی تەندروست بونیاد بنیرێت.»

هاوڕاز شێخ ئەحمەد خۆشناو راوێژکاری ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەبواری خوشکان، سەرەتا بە پێویستی دەزانێت پێناسەیەکی خێزان بکات کە بە «پێکهاتە و موئەسەسە و ئارامگەیەك لەنێو کۆمەڵگە» لە قەڵەمی دەدات و دەڵێت: «خێزان دەبێتە هۆی سوکنایی و جێی حەوانەوەی تاك، دوو هاوسەریش لەسەر ئەساسی مەحەبەت و رێز لەیەك گرتن، ئەم پرۆسەیە پێکدەهێنن. تاکی ناو خێزانیش لەناو



ئەم بازنەیە بە پەروەردەی بەهابالاکان دەبێ پێبگەیەندرێت و ژیانی بۆ فەراهەم بکرێت، گەورەترین و بەبایەخترین شتیش لەناو خێزاندا لەدوای پێوەندیی خودی هاوسەرەکان، منداڵە کە دیاری و بەخشینی خودایەو ئەمانەتێکە بە هاوسەرەکان رادەسپێردرێ، بێگومان شك لەوەدا نییە کە هاوسەرەکان بەهۆی بەریەککەوتن و پێکەوەژیانیان کۆمەڵێك حاڵەت و گرفت دێتەپێشیان، کە لەوانەیە هەندێ لەو کێشەو گرفتانە دەنگەدەنگی لێبکەوێتەوە، بەڵام هاوسەری تێگەیشتوو و تەندروست دەبێ ژیانی خێزانییان ئامانجدار بێ، تێگەیشتووانە و کامڵانە مامەڵە لەگەڵ رۆژگار و کێشەکان بکەن و بە ئەندازەی توانای خۆیان بەسەریدا زاڵ بن، بەتایبەت ئەو هاوسەرانەی کە خاوەنی منداڵان.» گوتیشی: «کێشەی نێوان هاوسەران و ناتەبایی و لەیەکدی حاڵی نەبوونیان و دەمەقاڵێکردنیان لەپێش چاوی منداڵەکانیان کاریگەری و ئاسەواری خراپی دەروونی دەبێت، لەوانە:

١-ئەم جۆرە رەفتارانە وادەکات کە وێنای کەسایەتیی دایك و باوك لەبەرچاوی منداڵ بشکێت و ئەو وێنایەیان لێ بگیرێت کە ئەوان یەکدی دەشکێنن و رێز لە یەکدی ناگرن.

٢-منداڵ کە بێ ئەزموون و ناحاڵییە لەو گرفت و کێشانەی روودەدەن و کە دەشزانێ هیچی لەدەست نایەت، لایەنی دەروونیی پڕ دەبێت و ناڕەحەت دەبێت و هەستی خەتاو خۆتاوانبارکردنی بۆ دروست دەبێت کە دەستەوەستانە و هیچ بەو ناکرێت.

٣- سروشت و کەسایەتی منداڵ دەخوازێت لەناوخێزانێکی ئارام و ئاسوودە گەشە بکات، خێزان ئەگەر کەش و هەوای نەگونجاو بێ، کاریگەری نەرێنی لەسەر کەسایەتی منداڵ دەبێت. ئەگەر کێشەکەش بە تەڵاق کۆتایی هات، بەداخەوە لەوانەیە دارِمانێکی کەسایەتی لەمنداڵ دروست بکات، لەبارەی خوێندن و لایەنی دەروونی و متمانە بەخۆ نەبوون و هەڵچوون و گوێ لەبەرامبەر نەگرتن و هەندێ جار بەلارِێداچوونیشی لێ بکەوێتەوە. بۆیە کاتێ دەگوترێ خێزان لانەو هێلانەیە، بێگومان دەبێت ئارامترین شوێنی مرۆڤەکان بێت، پر بێ لە مەحەبەت و لێوانلێو بێت لە لێبووردەیی و یەکتری خوێندنەوە و هاوکاری یەکتری کردن و یەکتری تەواوکردن».


هێمن ساڵح رۆژنامەنووس و توێژەری کۆمەڵایەتییە و لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ناتەبایی هاوسەران تاچەند کاریگەری نەرێنی لەسەر باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی منداڵان دەبێت؟ دەڵێت: «خێزان یەکەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هەر تاکێکە لە کۆمەڵگە، ئەگەر خێزانەکە خۆی لەسەر بنەمایەکی ناتەباو نارێکخراو و دوور لە خۆشەویستی پێکهاتبوو، ئەوە هەر خۆی کاریگەری نەرێنی بۆ سەر هەردوو هاوسەرەکە خۆیان هەیە، ئەوەش بێگومان رەنگدانەوەی لەسەر منداڵ و هەموو تاکەکانی ئەو خێزانەدا دەبێ. زۆربەی زانایانی بواری کۆمەڵناسی پێیانوایە کاریگەری خێزان لە پرۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی لە هەموو دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی و ناوەندەکانی خوێندن زیاترە، چونکە بناغەی تاکە لە پرۆسەکەدا، ئەگەر بناغەکە پتەو بوو، ئەوە تاکەکە خۆی بۆ هەموو دامەزراوەکانی دیکە ئامادە دەکات و بەسەرکەوتوویی دەیانبرێت، بە پێچەوانە ئەگەر ئامادەکراو نەبوو، ئەوە لە دامەزراوەکانی دیکەشدا دەورو رۆڵی نابێت و ناتوانێ وەکو تاکێکی ئامادەکراو سوودیان لێ وەربگرێت، بەوەش کۆی پرۆسەی دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤەکە دەکەوێتە بەر کاریگەری خراپی دامەزراوەی خێزانێکی ناتەبا.» گوتیشی: «زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسی پێیانوایە تەمەنی منداڵی تەمەنی دروستبوونی تاکە، بەوەش ئەگەر تاکێك گەورەترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی تەبا نەبوو، بێگومان ئەوەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کۆی ئاکارو رەفتاری تاکەکە لە پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی تاوەکو دەگاتە ئاستی مومارەسەی لە کۆی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا، لەبەر ئەوە گرنگە ئەو دامەزراوەیە خۆی سەرەتا لەسەر بنەمایەکی پتەو بونیاد بنرێت، تاوەکو خێزانێکی تەباو تاکێکی سەرکەوتوو بخاتە ناو کۆمەڵگە».

لەلای خۆیەوە دەروونناس کۆسرەت فاروق، سەرەتا هێمای بۆ ئەوە کرد کە حەز و خولیاو جووڵانەوەی منداڵ لە قۆناغی گەشەکردندا شتێکی زۆر گرینگەو لەو تەمەنەدا چەندین شت فێر دەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە هەوڵبدرێت کە وا لە منداڵەکە بکرێ، بتوانێت بەسەر شتەکانی دەوروبەریدا زاڵ بێت، بۆ ئەوەی دووور بێت لە خۆپەرستی و دوورەپەرێزی، بەڵام ئەگەر لەماڵەوە کێشەی خێزانیی هەبێت، ئەو منداڵە خۆی لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە دەدۆزێتەوە، ئەو هەستە منداڵییانەی نامێنێت، بەردەوام لەگەڵ خۆی لە گفتوگۆ و قسەکردندا دەبێت، بەردەوام ئەو شتانەی دەبینێت، هەوڵدەدات لەدەرەوە لەگەڵ منداڵ و لەگەڵ ناخی خۆی دووبارەی بکاتەوە، کەواتە منداڵێکی نەخۆشی لێدەردەچێت، ئەو منداڵە لە دەروونەوە نەخۆش دەبێت و کەسێکی بلیمەت و بەتوانای لێدەرناچێت، بەڵام ئەو منداڵەی بەردەوام خۆشی و کەیف ببینێت لەماڵەوە و لێبووردەیی ببینێت، ئەویش منداڵێکی دی فێر دەکات، نەرمونیان بێت، واتە منداڵ وەك ئاوێنە وایە، چی ببینێت، ئەوە پیشان دەداتەوە». گوتیشی: «چەند ژینگەیەکی لەبار بۆ منداڵ دابنرێت و پڕ لەخۆشی و شتی منداڵانە بێت، ئەوا ئەوەندە منداڵێکی تەندروست دەبێت و داهاتوویەکی باش چاوەڕێی دەکات . بەپێچەوانەوە ئەگەر دایك و باوك ناتەبا بن و لە خێزاندا توندوتیژی هەبێت، ئەوا ئەم جۆرە مامەڵەیە زۆر هەڵەیەو کاریگەری خراپی لەسەر منداڵان دەبێت لە رووی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە، بەتایبەت لە کاتی گەورەبونیاندا. هەروەها پزیشکە دەرونییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم شێوازی مامەڵەکردنە تا کاتێکی زۆر لە مێشکی منداڵەکەدا دەمێنێتەوە و رەنگە کێشەی دەروونی بۆ دروست بکات و وادەکات منداڵ متمانەی بە خۆی نەمێنێت. تەنانەت پسپۆڕەکان داوا لە دایك و باوکان دەکەن کە لە بابەتە جۆر بەجۆرەکاندا رای منداڵەکانیان وەرگرن و راوێژیان پێبکەن، تەنانەت ئەگەر بە قسەی منداڵەکەشیان نەکەن، چونکە ئەوە کاریگەری لەسەر منداڵ دەبێت وادەکات متمانەی بە خۆی زیاتر بێت و هەست بکات کە کەسێکە سەنگی خۆی هەیە و گرنگی پێدەدرێت.»

**کاتێ دەگوترێ خێزان لانەو هێلانەیە، بێگومان دەبێت ئارامترین شوێنی مرۆڤەکان بێت، پر بێ لە مەحەبەت و لێوانلێو بێت لە لێبووردەیی و یەکتری خوێندنەوە و هاوکاری یەکتری کردن و یەکتری تەواوکردن**

**سروشت و کەسایەتی منداڵ دەخوازێت لەناوخێزانێکی ئارام و ئاسوودە گەشە بکات، خێزان ئەگەر کەش و هەوای نەگونجاو بێ، کاریگەری نەرێنی لەسەر کەسایەتی منداڵ دەبێت**

**ناکۆکیی دایک و باوک وادەکات کە وێنای کەسایەتیی دایک و باوک لەبەرچاوی منداڵ بشکێت و ئەو وێنایەیان لێ بگیرێت کە ئەوان یەکدی دەشکێنن و رێز لە یەکدی ناگرن**





# بەخشین و پێشکەشکردنی دیاری شیرازەی خێزانی و پێوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەکات



**پێوندەییەکانی خێزان و هاوسەر و هاوڕێیان لە گرنگترین بایەخە کۆمەڵایەتییەکانە و بوونی سۆز و خۆشەویستی لە نێوان خێزان و هاوسەر، یان هاوڕێ و خزمان، پێوەندییەکان بەهێزتر و جوانتر و قایمتر دەکات، بەخشین و پێشکەشکردنی دیارییش یەکێکە لەو ڕێکارانەی کە جگە لەوەی دڵی یەکتر شادکردنە، پێوەندییەکی گەرموگوڕتر مسۆگەر دەکات، بۆیە دەروونناسان بە پیویستی دەزانن هەموو لایەک بە بایەخەوە کار بۆ ئەوە بکات، بەخشینی دیاری، ببێتە دیاردەیەک و سەر بە هەموو ماڵێکدا بکات. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەوبارەیەوە راوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**

سەرەتا دەروونناس هەمزە محەمەد سەبارەت بە پێناسەی خۆشەویستی و کاریگەرییەکانی بەخشین و پێشکەشکردنی دیاری دەڵێت: «خۆشەویستی هەستێکە لای دوو کەس، کاتێکیش کەسێك کەسێکی دیکەی زۆر خۆش دەوێت، گرنگترین شتی خۆی بۆ دەبات و پێشکەشی دەکات، ئیتر ئەو کەسە هەست بە خۆشەویستی و جۆرێك لە ڕێگرتن دەکات، ئەوەش بێگومان پێوندییەکانی نێوانیان زۆر بەهێزتر دەکات، مەرجیش نییە خۆشەویستی تەنیا لەنێوان نێرو مێ بێت، یان تەنیا کچ و کوڕێك خۆشەویستییان بۆ یەکتری هەبێت، بەڵکو دایك و منداڵ خوشك و برا و هاوڕێ ئەمانە هەموو نیازمەندی خۆشەویستین و دەتوانی بە بەخشینی دیارییەك خۆشەویستی خۆتیان بۆ دەرببڕی.» گوتیش: «بەگشتی پێشکەشکردنی دیاری هۆکارێکە بۆ گەشاندنەوەی باری دەروونی و پیویستە هەموو لایەك بە بایەخەوە کار بۆ ئەوە بکات کە دیاری بەخشین ببێتە دیاردەیەك و سەر بە هەموو ماڵێکدا بکات».

لالۆ رەنجدەر، هونەرمەندێکی ناسراوی کوردەو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «خۆشەویستی و دیاری بەخشین دوو شتی پێکەوە گرێدراون، گوڵیش باشترین دیاری و نیشانەی خۆشەویستییە، بۆیە دەبینین لە ڤالانتاین (رۆژی خۆشەویستی) خۆشەویستان گوڵ کە رەمزی خۆشەویستییە بەتایبەتی گوڵی سوور بە یەکتر پێشکەش دەکەن». لالۆ زیاتر گوتی: « مەرج نییە دیاری شتی گرانبەها بێت، گرنگ ئەوەیە کەسی بەرامبەرت لە بیر بێت و دیاری پێبدەی، جا سێوێك بە مێخەك بیرازێنیتەوە، یاخود شتێك بەدەستی خۆت دروستت کردووە، بایەخی خۆی هەیە، ئیتر هەر کەسێك بیردەکاتەوە و بۆ بەرامبەرەکەی شتێکی جوان هەڵدەبژێرێ، ئەوەش پێوەندی خۆشەویستییان پتەوتر دەکات» .

هۆشیار لەك، سەرۆکی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی نواڵەی نوێ، دیاری بە «شتێکی پیرۆز» ناو دەبات کە مرۆڤەکان لەنێوان خۆیان دەیگۆڕنەوە، گوتیشی: «پێویستە دیارییەکە هەرچەندە سادەو ساکار بێت، بەڵام لای بەرامبەرەکەمان بەنرخ بێت، من پێموایە خەندە باشترین شتە بۆ بەرامبەرەکەت، بەمەرجێك ئەو خەندەیەی دەیبەخشی، لەناخی دڵتەوە بیت».

هۆشیار بە پێویستی دەزانێت جگە لە پێوەندی خۆشەویستی لە نێوان کوڕ و کچ، یان هاوسەران، ئەوا پێویستە وەکو تاك هەموو کەسێك خۆشەویستی خۆی بۆ خێزانەکەی و کۆمەڵگەکە و وڵاتەکەشی دەرببڕێت. گوتیشی: «هاوسەران بە وەرگرتنی دیاری لە یەکتری زۆر شاد دەبن، چونکە ئەوەی بەرامبەریان هاوسەری ژیانیە و لەتەنگ و چەڵمەکان لەگەڵی هاوبەشە و راز و نهێنییەکانی دەپارێزێ، بۆیە پێموایە چەند دیاری بۆ بکرێ، ناگاتە ئەوەی کە مزگێنییەکی خۆشی پێبدەی، یان لەوکاتانەی کە دڵی تەنگە، دڵی بدەیتەوە، یان ئەو کاتانەی کە ماندووە، یارمەتی بدەیت لە ئیش و کارەکانی، دیاری منیش لەخێزانەکەم خەندەیەکی پر سۆز و خۆشەویستییە، کاتێك خۆشەویستی و بەخشندەیی لە روخساری یەك بەدی بکەین، ویژدانمان ئاسوودە دەبێت، لای منیش باشترین دیاری ئەوەیە دڵی بەرامبەرەکەت رازی بکەیت.»

ئاری فەرهاد قوتابی پەیمانگەیەکی کەرتی تایبەت لە بواری نەوت و ئەویش سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «من خۆم کاتێك دیارییەکم بۆ دێت، زۆر پێی خۆشحاڵ دەبم، لەبەر ئەوەی دیاری لای من زۆر جوان و بەبایەخە، هەرچەندەش شتێکی بچووك بێت و گرانبەهاش نەبێت، لای من گرنگی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی کە دیاریت بۆ دێنێت، دیارە تۆ لای بەنرخی، بۆیە دیاریت پێشکەش دەکات». گوتیشی: «خۆشەویشتی و دیاری بەخشین تەنیا بۆ کیژ و کوڕان نییە، دەکرێ دیاری بە دایك و باوك و خوشك و برا و هاوڕێی خۆمان بدەین، بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا کە پێشمەرگە بووەتەوە خۆشەویستی هەموو جیهان، پێویستە ئێمەش وەك تاکی کورد بە پێشکەشکردنی دیاری جۆراوجۆر خۆشەویستیمان بۆ ئەو رۆڵە نەبەردانەی گەلەکەمان دەر ببڕین».

قوتابییەك:

**لەم بارودۆخەکەدا کە پێشمەرگە بووەتەوە خۆشەویستی هەموو جیهان، پێویستە ئێمەش وەک تاکی کورد بە پێشکەشکردنی دیاری جۆراوجۆر خۆشەویستیمان بۆ ئەو رۆڵە نەبەردانەی گەلەکەمان دەر ببڕین**

دەروونناسێك:

**پێشکەشکردنی دیاری هۆکارێکە بۆ گەشاندنەوەی باری دەروونی و پیویستە هەموو لایەک بە بایەخەوە کار بۆ ئەوە بکات کە دیاری بەخشین ببێتە دیاردەیەک و سەر بە هەموو ماڵێکدا بکات**

هونەرمەندێك:

**خۆشەویستی و دیاری بەخشین دوو شتی پێکەوە گرێدراون، گوڵیش باشترین دیاری و نیشانەی خۆشەویستییە**